# تاراوگەی کوردی,هەڵوێست و نەیارەکانی

نووسینی :
حەمەڕەشید هەرەس و د. ئەحمەد میراودەلی

مەریوان وریا قانع لەژێر ناوی (مەنفای کوردی, واقیع و داواکارییکانی) نووسینێکی لە هەفتەنامەی هاووڵاتی ژمارە 207 ی 2005/1/12 دا بلاوکردۆتەوە, بەنیازی نائومیدکردنی ناسیۆنالیزمی کوردەوە کەچی هەر هەموو ئاوارەی کوردیشی بەوانەوە بەناڕەوا ئاوەرووتکردوە.

جا ئێمە لە سەرچاوەی نووسینەکەیەوە دەستپێدەکەین, کە ماندووبوون و هەناسبڕکێیەکی وای پێوە دیارە هەر لە سەرەتاوە بۆ خوێنەر دەردەکەوێ کە ئەم خەمە خەمی ئەو نیەو ئەم چنینەی پێویست نیەو بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی چنیوە, ئەرکی سەرشانیانە ئەو جۆرە بۆچوونانە هەر لەم رۆژانەدا پیادەکرێت, بۆ دروستکردنەوەی ئەو عیراقەی بەهەناسەدانی دەستکردیش وەك جارانی لێنایەتەوەو, نەخشەکەی سایکس بیکۆ هەتا ئەمرۆ بڕیکردووە. بە کورتی بە کاکە مەریوان دەڵێین: رووتلێنراوەو ئێوەش دڵتان نەشکاندوون بۆیە هیچ جۆرە مەلەیەکی سەرکەوتووت لە گۆمی مەبەستەکانتا نەکردووەو وا وردە وردە بۆت شیدەکەینەوە:

لەسەردەمی شەڕی سارد و هاشەو هووشەی کۆمۆنیزمدا, ڕەگەزپەرست و کۆمۆنیستەکانی نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکەری کوردستان دژی ناسیۆنالیزمی کوردی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردیبوون, ئەم جگە لە ولاتە ئیمپریالییەکانی خاوەن تۆری پان و بەرینی سیخوڕی لە کوردوستان و ناوچەکە, ئێستا کە کۆمۆنیستەکانی کورد بێپەروا بانگەشەی دروسبوونی دەوڵەتی کوردی دەکەن و پشتیانکردۆتە سایکس بیکۆ, ئێوە دەچنە کام بەرەوە؟!!

نووسیوتە:( لە سایەدەکاندا بەدەیان نووسینی کورت و ئینشایی حاشا لە عیراقی بوونی خۆیاندەکەن). ئەوە کاتێکبوو کە عیراق هەبوو ئێمە ئەو حاشایەمان کردووە, ئێستا کە عیراق نەماوە و دوو دەوڵەتی کوردی دروستبووە, ئیمە گومانمان هەیە بۆ ئێوە ئێستا دەووروژێن؟

لە بابەت دابڕبوونی کوردەوە دوواون و زازاکان و عەلەویەکانت بەنموونە هێناوەتەوە. زازاو دملێکان هەموویان عەلەوین و شۆڕشی دەرسیم ئەوان بەرپایانکردو ئێستاش شانازی پێوەدەکەن. خۆ ئەگەر دوو خۆفرۆشت لێیان ناسیوە ئەوە مەرجی گشتبوون نیە, ئەی ئەوە نیە ئێوەش بەهەمان بۆچوون کوردوستانی بوونتان لەلا پەشمەو رەوایی بە عیراق دەدەن, کە مەرجی گشتبوونی کوردی باشوور نیە, ئەی نزیکەی دوو ملیۆنمان بۆ چ مەبەستیك پلیان پێوەنا.

نووسیوتە:( سەردەمێك باوی کۆنگرەو ئەنجوومەنی نەتەوەییبوو, کە کەسیان نەیان دەتوانی لەگەڵ ئەوی دیکەیان کاربکات.....) پێنج کۆنگرەت ژماردووە, ئێمە هەر لە سیان بە ئاگاین, تەنها ئەوە دەڵێین ئەگەر بەراستی نەتەوەیی بوونایە ئەو بیانووەیان بۆ ئێوە نەدەڕخسان ئەو هێرشە بکەنە سەریان. نەتەوەیی ئەو دەرامەتەی لە کوێ بوو بتوانێت یەك کۆنگرەی تێروتەسەل ئەنجامبدات. ئەوە بە دۆلاری دەروێشەکانی سایکس بیکو ئەنجامدەدرێت.

کە نەتەوەیی نەتوانێت لە گەڵ یەك کار بکات ئەی ئیتر ئەو ترسە چیە کە هانی ئەو نووسینەی داون. ئەی ئێوە(کۆمەڵی یەکگرتووی!! رەهەند) چی لە یەکی دابڕاندن, کاتێك لە پەنجەکانی هەردوو دەستیش پتر نەبوون وا بوون بە دوو کەرتی یەکسانەوە, خۆ ئێوە ناسیۆنالیستیش نەبوون, پێشتان کەمی نەبێت کە بلێین کەرتەکەی بەرامبەرتان روونتر و لۆجیکتر مەبەستەکانیان دەپێکن. ئیتر ئێوە بۆ سەرکۆنەی یەکنەگرتنی جالییەی ڕەشۆکی کورد دەکەن, کە فەیلەسووەکانی نەك یەکیان نەگرت بەڵکو بە کتیب دژی یەکتر دەنووسن.

جالیەی چی و کارکردنی چی, جاخۆ هەر جالیەیەك بەرێزتان وەك رووناکبیریك بگرێتە خۆی ئەوا بێگومان کەشکی فەریکە.
زۆر لە جالیەکان بە دوو گێرەشێوێن تەفروتونا بوون, ئەمە نەك هەر کورد بەڵکو ئەو نەتەوانەش کە خاوەن دەوڵەتن, جا چونکە دابڕبوون زیاتر رووبەڕووی کورد بۆتەوە ئەوە هەمووی پلانی سەفارەتەکانی عیراق و ئاودەستنویژەکانیانە, چجای ئەوانەی کاری حیزبی دەکەن هەمووشمان دەزانین هەندێك حیزبی نانەتەوەیی چۆن و لە کوێ دروستبوون و چ ئەرکێکیان دژی هەبوونی کورد وەك نەتەوەو دەوڵەت پێسپێردراوە و لە چ تەوقیتێکیشدا پیادەی دەکەن. کە جالیەی نەتەوەکانی دیکە روویان سوورە ئەوە مەسەلە یەکبوونیانە لە ژێر ئالای دولەتە ناسیۆنالەکەیاندا کە بە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانە دەشەکێتەوەو کەس دژی نیە, کەچی داری ئالای نەتەوەی کورد کەبە نەتەوە یکگرتوەکان لانەوازە, پوازەکەشی لە خۆیەتی.
نووسیوتە: (لە سوید و بەرتانیا و هۆلاندا بەهۆی کوشتنی چەندان کچی گەنجی کوردەوە لە لایەن کەسوکاریانەوە, وێنەیەك بۆ کورد دروستبووە کە شوێنی دڵپێخۆشبوون نیە....).
ئەو سێ وڵاتەی باستان کردووە بە هەموو بەشەکانی کوردستان پتر لە ملێۆنیك کورد تیایاندا ئاوارەیە, بەو جیاوازیە زۆرەی کەڵچەرەشەکەشیانەوە, چوار یان پێنج کارەساتی کچ کوشتن لەو سێ وڵاتەدا روویداوە, ئەگەر لەوە زیاتر گومان دەکەیت (ئەوە عەرز و ئەوەش گەز). دە فەرموو بۆ تەنها دووئاماری ژن کوشتن لە پێشکەوتووترین دوو وڵاتی ئەم زەمینە: ئەمەریکا و سوید:
لە ئەمەریکا رۆژی 15 ژن لەلایەن پیاوەکانیانەوە دەکوژرێن ( گۆڤاری سیگەر سالی 1997 ژمارە 26 ).
لە سوید هەر مانگەی 3 ژن دەکوژرێت ( گۆڤاری ئیلمان ئەند ئیدواردس سالی 1991 ژمارە39 لاپەرەی 411)
لەم وڵاتە کانادا ( ئەنسلما هاوس) هەیە شێڵتەرە بۆ ئەو ژن و کچانەی لە دەست پیاوسالاری هەڵدێن ئەوەکەی ئەم شارەی ئێمە ساڵ دوانزە مانگە جمەی دێ کەچی یەك کوردیان تێدا نادۆزیتەوە.ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە رۆژنامەکانیان جۆرەها کارەسات بلاودەکەنەوە جگە لەوانەش کە دەکرێن بەژێرەوە.
کاکە مەریوان گەورەکردنی ئەو سێ چوار رووداوەی ئەوروپا دژی کورد مەسەلەیەکی سیاسی بە دواوەبوو, جگە لە سەفارەتەکانی دژ بە کورد حیزبە راسیستەکانی ئەو ولاتانەش دژی کۆچبەرانی کورد کۆککرابوون, ئەوا بە هەزار بارەکردنەوەی ئەو چەند کارەساتە ئێوەش چوونە تەکیان.
لە بێکاری و کارە ئاست نزمەکانی کورد دواویت و بە کاری میسرییەکانی هەشتاکانی لای خۆمانت بەراووردکردوون.
لامان وایە ئەگەر زیاتر لە ئەوروپا بمێنیتەوە ئەو جا هەستدەکەن کار بەرزی و نزمی ناگرێتەخۆی بەڵکو ئەوەی بە برۆانامەیەکی بەرزەوە کار دەکات لەتەك کارێك کە ئێوە بە نزمی دەزانن بەوە بەراورد دەکرێت کە ئایا هەر یەکەیان چەند پارە دروستدەکەن ئەمە ولاتی سەرمایەدارییە. ئێمە لەکارگەیەکدا کرێکاربووین ساڵی پەنجاهەزار دۆلارمان دروستدەکرد بەرێوەبەری کارگەکە بەبڕوانامە بەرزەکەیەوە ساڵی سی و پێنج هەزاری دروستدەکرد جارجاریش کە بەناو کارگەکەدا دەگەڕا گسکێکی دەگرت بەدەستەوە یارمەتی بەردەستەکەی ئەدا, کە تەنانەت ریسترۆوومەکەشی بۆ پاکدەکردەوە. خاوەن ئیشێکی کەنەدی ئاشنامان کە ڕۆژی چل بۆ پەنجا هەزار دۆلار دروستدەکات, رۆژانە خۆی رێستروومەکان پاکدەکاتەوە, ئەوە بۆیە ئەوان ئەوەندە دواکەوتوون و ئێمەش لە پێشی پێشەوەین! ئیتر نازانین کاری ئاستنزمت بە چ مەبەستێك دەربڕیوە؟
ئینجا دەبێژیت:( رێژەی بێکاران لە ناو ئەم جالیەدا یەکجار گەورەیە). ئێمە لیرەداو لە زۆر شوێنی نووسینەکەتدا کارمان بە وێرانی رێزمانەوە نیە. هەر ئەوەندە ئەڵێین ئاوارەیەکی شەکەت دەبێ کاری چیبکات, هەر لە یەکەم هەنگاوەوە کە بۆ دەربەدەری هەڵیگرتووە تا ئەو رۆژەی گەیشتۆتە هەندەران دووچاری دەیەها دەردی سەری و باری دەروونی و شەکەتی و هەناسەساردیبووە, ئێوە داوای چی لە ئەو رێژە بەرزە بێکارەدەکەن, یان نازانین ئێوە مەبەستتان ناسیۆنالیزمە یان هەموو یەکێکی ئاوارە؟ بۆیە دەڵێین مەلەت لە گۆمی مەبەستەکەتدا پێنەکراوە, بەخۆتەوە سەرت لە ئێمەش شێواندووە نازانین بەرگری لە ناسیۆنالیستی کورد بکەین یان لە جالییەی کوردی بە بەڕێزیشتانەوە.

لە کۆتایی نووسینەکەتاندا دەڵێن: ( لەمێژووی ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا دوو گوتاری زانستی نیە تیۆریزەی واقیعی کوردی و واقیعی ناوچەکەو واقیعی نێودەوڵەتی کردبێت......) جا کە بەرێزتان هێڵێکی راست و چەپتان بە نووسینەکانی مامۆستایان مەسعود محەمەد و کەمال مەزهەر و جەمال نەبەز و دەیان نووسەری تردا هێناوە! دەفەرموو ئێوە چاکی لێبکەن بەلادا بزانین چیمان بۆ پیادە دەکەن, ئەی هۆی چ جۆرە گوتارێکە وا ئەم ترسی عیراقی نەبوونەی لەهزری ئێوەدا جێکردۆتەوە؟

لە کۆتایی ئەو هەموو بانگەشە عیراقیانەی بەرێزتان ئینجا دێیت و دەڵێیت: ( بەزەحمەت کوردێك دەدۆزیتەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێخۆشنەبێت, ئەمەیان هەڵوێستێك نیە گروهێك بە هی خۆی بزانێت و بە گروهەکانی دیکەی بفرۆشێتەوە...) نازانین کەوا ئەم پێخۆشبوونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەتان لە چ جۆرە فەلسەفەیەك کریوە, کە دەمانەوێت ئیوە بە ئێمەی بفرۆشن و هەر لە ئێستاوە کڕیارین, دەفەرموو دەی کە دەوڵەتی کوردیتان پێخۆشە ئەو عەقلیەتەمان نیشاندە کاری پێکەوەیی و دەردی خۆتان دەڵێن (مژدەی پێکەوەیی) ئەنجامدەدات و شارەزای جیهانمان دەکات.

ئایا بەریزتان ئاگادارن کونگۆی دیموکرات گۆشتی یەکتری پێکەوەیی دەخۆن و خاوەنی مرۆڤی وەك ئێوەی بەئاوەزیش نین و لە هەلو مەرجی نێو نەتەوەییش نازانن و کەچی خاوەن دەوڵەتیشن! ئایا دەزانیت لە شەڕی دووەمی جیهانی ونستۆن چەرچل چاوی بە یەکێك لە سەرەك هۆزە گۆشتی مرۆڤخۆرەکان دەکەوێت و سەرەك هۆزەکە رەخنە لە چەرچڵ دەگرێت و دەڵێت : ئاخر کە ئێوە گۆشتەکانیان ناخۆن ئەو هەموو مرۆڤە بۆ دەکوژن و خەساریان دەکەن؟ جا کە ئێوە مرۆڤی کورد لەوانیش بەکەمتر بزانن فەرموو تا بڕدەکەن لە دژیان بنووسن.